لە شاری هەولێر کۆنفرانسێکی زانستی یاسایی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا

لە شاری هەولێر کۆنفرانسێکی زانستی یاسایی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا.

ئەمڕۆ چوارشەممە (6ـی کانونی یەکەمی 2023)، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک بەرپرس و سەرکی زانکۆ و مامۆستایان و توێژەران و قوتابیان، چوارمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لێبارەی (چوارچێوەی یاسایی و هاوبەشیکانی حکومەتی پێشکەوتوو) لەلایەن زانکۆی جیهان بۆ هاوبەشی زانکۆی جدارای ئوردنی لە هەولێر بەڕێوەچوو.

لە کۆنفرانسەکەدا پارێزگاری هەولێر، دەستخۆشی لە بەشداران کرد بۆ بەشداریکردنیان لە کۆنفرانسەکە و کۆکردنەوەی هەمووان لەسەر هەوڵەری پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆ لێك نزیککردنەوەی مامۆستایان و توێژەران، پاشان لەلایەن پسپۆڕ و توێژران و مامۆستایانی زانکۆکان چەندین بابەت و پرسی یاسایی و هاوبەشی خرایە بەرباس و گفتوگۆ.